# کۆسپەکانی وەشانی زمانی کوردی لەسەر ئینتەرنێت

دکتۆر رێبوار فەتاح



ئینتەرنێت دەرفەتێکە بۆ کورد رەخساوە کە نابێ لە دەست بدرێ. ئەو ئینتەرنێتەی کە جیهانی دابەشبووی ئەمرۆی یەکخستۆتەوە، دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەر لە یەکخستۆتەوەی کوردستان و زمانی کوردیشدا بگێرێ. هەڵبەت ئەو یەکخستنەوەیەش هەروا هاسان نیە. حاڵی حازر ئینتەرنێت زۆرتر بۆ کوردی تاراوگەیە. تا رادەیەك، ئەوانەی لەسەر ئینتەرنێتن، پێکەوە پەیوەستن، بەڵام ئینتەرنێت لە یەکخستەنەوەی کوردستان و زمانی کوردیدا کاریگەر نابێ تا کوردی گشت پارچەکانی کوردستان نەچنە سەر خەتی ئینتەرنێت.

تاراوگە دەورێکی دیاری هەیە لە ناساندنی کورد بە خۆی و بە جیهان. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، کوردی گشت پارچەکانی کوردستان، خۆیان لە گفتوگۆدا پێکەوە دۆزیەوەتەوە، کە هەڵبەت ئینتەرنێت دەوری کاریگەری خۆیی دیووە. تەنانەت گەر ئەم گفتوگۆی کوردانە ئەمڕۆ ئاکامەکەی تەنیا یەكگرتنەوە بێ لەسەر دیدی جیاواز، ئەمە لە خۆیدا سەرەتای بەخۆناساندن و دوایش یەکگرتنەوەیە. دیارە دابەشکردن رەگی لە مێژووی کورددا داکوتاوە و لەناوبردنی نەفەسی درێژی گەرەکە.

وەشانی ئەلەکترۆنی بە زمانی کوردی لە سەر ئینتەرنێت، بە لانی کەمەوە، بەرانبەر دوو پرسیارمان دەکاتەوە.

- ئایا بەچ دایەلێکتێک زمانی کوردی بنووسرێ؟
- ئایا بەچ سکرپتێک زمانی کوردی بنووسرێ؟

وەڵامی ئەم دوو پرسیارە یەکەوراست بەرانبەری دابەشکردنی کوردستان و دابەشکردنی زمانی کوردیمان دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی کە زمانی کوردی چەند دایەلێکتێکی لەخۆگرتووە و بە چەند سکرپتی جیاوازیش دەنووسرێ، ئەوا چەندین وەڵام هەن بۆ دوو پرسیارەکە و هیچ وەڵامێکیشیان چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەی دابەشبوونەکە ناکەن.

- ئایا بەچ دایەلێکتێک زمانی کوردی بنووسری؟

زمانی کوردی یەکێکە لە کۆمەڵەی هندۆ- ئێرانیەکانە، کە لقێکی زمانە هندۆ- ئەورووپیەکانە. گەورەترین خێزانی زمانە لە جیهاندا. کوردی لە ژێر لقی کۆمەڵەی زمانەکانی خۆرئاوای ئێراندا پەسندکراوە. دایەلێکتەکانی زمانی کوردی بە زۆر چەشن پۆلکراون. بۆ مەبەستی ئەم گووتارە پۆلێنێکی ساکار هەڵدەبژێرین، کە زمانی کوردی دەکات بە دوو دایەلێکتەوە - کرمانجی و گۆرانی.

کرمانجی:

باکوور - کرمانجی

نیوەند - سۆرانی

باشوور - کرماشانی

گۆرانی:

باکوور - زازایی

باشوور - هەورامی

هەر چارەسەرێک پێشنیار بکرێ دەبێ پێداویستیەکانی زۆربەی ئەم دایەلێکتانە لەخۆبگرێ.

- ئایا بەچ سکرپتێک زمانی کوردی بنووسرێ؟

www.kurdistannet.org

زمانی کوردی به سێ سکرپتی جیاواز، عەرەبی، لاتینی و سیریلیک، دەنوسرێ. خۆ گەر دەستبەرداری سیریلیکیش ببین، لەبەر کەمی ژمارەی ئەو کوردانەی کە پێی دەنووسن، ئەوا هێشتا هەر چارەسەرێک پێشنیار بکرێ، دەبێ پێداویستیەکانی دوو سکرپتی عەرەبی و لاتینی لەخۆبگرێ.

ئەمانە ئەو کێشانە بوون کە وەشانی ئەلەکترۆنی بە زمانی کوردی لە سەر ئینتەرنێت بەرانبەری دەبنەوە.

کێشەی سکرپتەکان

بەکارهێنانی سێ سکرپت بە کێشەیەکی بێ چارەسەر دەچێ، بەڵام گەر بەراوردی کوردی بە زمانێکی وەک ژاپۆنی بکرێ، دەردەکەوێ کە ئەو کێشەیەی زمانی کوردی رووبەرووی دەبێتەوە زۆر سەخت نیە. زمانی ژاپۆنی بە تەنیا، بەلانی کەمەوە، بە سێ سکرپت، کەتەکانە، هیریگانە و کەنجی، دەنووسرێ و لە ۲ هەزار کارەکتەریش زیاتر بەکاردینێ. کەتەکانە و هیریگانە یەکی ٥١ کاراکتەر بەکاردینین. کەنجیش کە لە زمانی چینیەوە وەرگیراوە، لە ٥ هەزار کاراکتەر زیاترە، بەڵام ژاپۆنیەکان ساکاریان کردوەتەوە و نزیکەی ۲ هەزاریان وەرگرتووە.

پیتەکانی زمانی کوردی بە هەر سێ ئەلفوبێکەیەوە ناگاتە ۱۰۰ پیت. بەمەرجێ تێکەڵێک لە هەموو کاراکتەرە ژاپۆنیەکان، کە لە ۲۰۰۰ پترن، بەیەکەوە سەرجەمی کاراکتەرەکانی (ئەلفوبێی) زمانەکە پێکدێنن. بەڵام لە کوردیدا زمانەکە بە سێ جۆر ئەلفوبێی دەنووسرێ، کە ئەمەش لە کێشە ژاپۆنیەکە ئاسانترە بۆ چارەسەرکردن.

تەکنەلۆجیش کارەکەی هاسان کردووە. کۆمپیوتەرێکی ئەمرۆ دەتوانێ بە هەر سێ سکرپتەکە بنووسێ. رۆشنبیرانی ئەمرۆ دەکرێ خۆیان فێری هەر سێ سکرپتەکە بکەن و وەک بابەتی قوتابخانە نەوەکانی داهاتووش فێربکەن.

لەبەر ئەوەی کە کوردی زمانێکی هندۆ ـ ئەوروپیە، سکرپتی لاتینی لە نووسینیدا گونجاوترە. بۆ سەر ئینتەرنێتیش، هەر سکرپتی لاتینی گونجاوترە، چونکە ئینتەرنێت خۆی بۆ لاتینی پێشخراوە. رەنگە نابەجێ نەبێ گەر زمانی کوردی بە لاتینی لەسەر ئینتەرنێت بوەشێنرێ، بەڵام ئەمەش بێ گیروگرفت نابێ: تەنیا کوردی باکوور و چەند رۆشنبیرێکی پارچەکانی ترکەڵکی لێ وەردەگرن. زمانەکە بە دابەشکراوی دەمێنێتەوە.

چارەسەرێک کە لە پاشەرۆژێکی نزیکدا پیادە بکرێ ئەوەیە کە ئینجینێک (ئامرازێک) بۆ گۆرینی دیالێکتێک بۆ یەکێکی دی و سکرپتێک بۆ یەکێکی دی پێشپخرێ. بۆ ئەم کارە دەکرێ کەڵک لە ئەزموونی زمانە ئەوروپیەکان وەربگیرێ. حاڵی حازر، لەسەر ئینتەرنێت زمانێک (بۆ نموونە، ئینگلیزی) بە چرکەی مشکی کۆمپیوتەر دەکرێ پاچەڤە بکرێ بۆ زمانێکی تر (بۆ نموونە، فەرەنسی).

ئەمرۆ لەوەدەچێت کە زمانی ئینگلیزی رۆڵی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد، بەتایبەتیش بۆکوردی تاراوگە، لەسەر ئینتەرنێت بگیرێ. ئەم زمانە یەکگرتووە بۆ کوردەکانی باکووریش تورکیە.

چارەسەر بۆ پاشەرۆژێکی دوور ئەوەیە کە نەوەی ئەمرۆ تواناکان لە نەوەکانی داهاتوودا بخەنەگەڕ. ئەمەش:

- بە دامەزراندنی ئەکادیمیایەک، لە رۆشنبیرانی گشت پارچەکانی کوردستان، بۆ ستاندەردکردنی زمانی کوردی. ئەمە دەستگایەکی ئەکادیمیایە نەک حزبی.
- بەکارهێنانی دیالێکت و سکرپتە جوداکان لە گووتنەوەی قوتابخانەکاندا، بە تایبەتیش قوتابخانەکانی تاراوگە و باشوور. بۆ نموونە، لە باشووری ئازاددا، دەتوانرا لە ۱۰ ساڵی رابردوودا نەوەکان بە هەردوو سکرپتەکە رابهێنرین. ئەمرۆ نەوەیەک پێگەیشتبوو کە بە هەردوو سکرپتەکەی بەکاردەهێنا.
- بە کۆکردنەوە و پێشخستنی ئامرازەکانی فێرکردنی زمانی کوردی لە دەق، وێنە و فلیم بۆ سەر ئینتەرنێت. سەرچاوەی فێرکردنی زمانی کوردی بەگشتی کەمە.
- دامەزراندنی خانەی سۆفتویر لە زانکۆکانی باشووردا بۆ پێشستنی زمانی کوردی بەگشتی و بۆ سەر ئینتەرنێت بەتایبەتی.

زۆربەی ئەم پرۆگرامانە دەکەونە ئەستۆی دەوڵەتی کوردستانی باشوور، چونکە ئەمرۆ تەنیا توانا و هیوایەکی نەتەوەی کوردە. هیوادارم لە سایەی ئاشتیدا ئەم کارانە کە مایەی بەرقەراربوونی نەتەوەمانە پیادەبکرێن. لەو بروایەشدام کە کوردی تاراوگە کاریگەرانە بەشداردەبن.

د. **ریبوار فەتاح** بەرێوەبەری کوردیشمیدیایە **لە لەندەن**



www.kurdistannet.org

**ئەم وتارە لە رادیۆی ئس بی ئس ئوستڕالیا ـ کوردی خوێندرایەوە، ٤ ـ ٨ ـ ٢٠٠١**

www.kurdistannet.org